# کێڵگەی پیشەسازی تیرۆریست

بەشدار عەلی

هەموو مرۆڤەکان لەسەرەتای تەمەندا میهرەبانن, لەنێو هزرو بیرکردنەوەو کاروکردەوەیاندا بەهیچ شێوەیەك توندوتیژی, جێگایەکی نابێتەوە, بەلآم ئەوە کامانە هۆکارن وا لە ئینسانەکان دەکات خۆی بکاتە بۆمب و لەگەڵ ژیانی خۆیا گیانی سەدان مرۆڤی دیکەش بێ گیان بکات و پارچە پارچەیان بکات؟ ئەوە چ وەزعیەتێکە مرۆڤ لە هەموو هەست و سۆزێکی ئینسانی دادەشۆرێ و ئاوا بێ رەحمانە مامەڵە لەگەڵ خۆی و دەوروبەریدا دەکات.

بەپێی هەموو بەڵگەکان زۆرترین ژمارەی تیرۆرست لەم ناوچەو وڵاتانە دروست دەبن کە ئاستی بژێویان خراپە و منداڵەکانیان برسین و گەنجەکانیان سەرگەردانن و ژنەکانیان کۆیلەن و دەسەڵات و یاساو دەستوورێکی مۆدێرن و پێشکەوتوو بوونی نییە. بەم شێوازە پەروەردەیەکی نا تەندروست و داب ونەریت و فەرهەنگێکی دارزیو دەبێتە نسیبی نەوەکانی ئەم کۆمەڵگایە, ئیتر تاکەکان دوور لە ئیرادەی خۆیان وردە وردە لە هەست وسۆزی ئینسانیان دادەشۆرێن و لە ژیان دوور دەکەونەوەو نامۆ دەبێت و بەرەو خەیاڵ و خورافەو وەهم هەنگاو هەڵدەگرێ, خۆی ئەم شێوازە ژیان و پەروەردەو وەزعیەتە هۆکاری سەرەکی گەشەکردنی رێکخراوە تیرۆرستەکان و زیادبوونی ژمارەیان.

لەم مەملەکەتەی ئێمەش هەر لە تەمەنی شەش ساڵیەوە منداڵان بە زۆر لە قوتابخانەکان ترسی ئاگری جەهەنەم و بەهەشت و لێدان و سزاو تۆڵەیان لە مێشکدا چەسپ دەکەن, ژمارەی مزگەوتەکانی دەهێندەی ژمارەی باخچەکانیەتی, بە ملیۆنەها دۆلار بۆ تەکیەو خانەقاکان سەرف دەکرێ, بەلآم بەشارێکی بیست هەزار کەسی تەنها یەك کتێبخانەی تیایە کە لە هەژارترین کتێبخانەکانی دنیایە, عاشقەکان دەبێت لە گۆرستانەکان ژوان ببەستن, جاسوس و سیخورەکان, دەستیان بە خوێنی هەزارەها مرۆڤ سوورە ئێستا ئەندام پەرلەمان و وەزیرو هەمەکارەن......

ئەم جۆرە وەزعیەت و گوزەرانە دەبێتە کێڵگەیەکی لەبارو دروست کردنی پیشەسازی تیرۆرست, چونکە مرۆڤ دووچاری نامۆیی و گۆشەگیری دەکات ئەم هەڵومەرجە ئیتر گەیشتن بە دنیایەکی تری ئەبەدی کە هەمیشە لەنێو دڵە راوکێ و بێ ئۆقرەییدا گوزەر دەکات, دەبێتە سەر خەتی هەموو بەرنامەو پرۆژەکانی.

لەکۆتاییدا دەڵێین رێکخراوی قاعیدە تەواوی قواعد و قاعیدەکەی لە ئێران و ئەفغانستان و عێراق و میسر و چەند وڵاتێکی تر پەروەردە بوونەو گەشەیان کردووە, چونکە زەمینەکان لەبارە کە تیرۆرست تیایدا دروست بێت,بەلآم لە وڵاتانی وەکو سویسرا و هۆڵندا و سوید ناتوانن و خەڵك بەلایاندا ناچێت, چونکە وەزعیەت و گوزەران و یاساو دەسەڵاتیان ئەم دەرفەتە نارەخسێنێت.